# چەپ و ڕاپەڕینی ئازار

(( چەند یادەوەری وڕاستیەک ))

ئەحمەد معین
ئازاری 2007

ئەوەی وتویەتی (( مێژوو هێزە سەرکەوتووەکان ئەینووسنەوە )) ڕاستیەکی گرنگی پێکاوە . ئەم ڕاستیە لەگەڵ ڕاپەرینەکەی ئازاری 1991 لەکوردستانی عێراقدا دەقاودەق دێتەوە .

لەدوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە جموجۆڵێکی نوێ کەوتە ناو بزووتنەوەی چەپی ئەوکاتی کوردستانەوە . ئەم جموجۆڵە پشتی بەستبوو بە لێکدانەوەی ئەوکاتی کۆمۆنیستەکان کە ئەو هەنگاوەی ڕژیم هاوکێشەیەکی سیاسی نوێ ی هێناوەتە ئاراوە کە لەلایەکەوە ڕووداوەکانی ناوخۆی عێراقی لەوە دەرکێشاوە کە لە ئاستی جیهانیدا پشتگوێ بخرێن ولەلاکەی تریشەوە بارودۆخێکی وای خوڵقاندووە کە خەلکی عێراق بەگشتی بۆ دەرفەت وبوارێک ئەگەڕێن کە قینی لەمێژینەی خۆیان بە ڕژێمی کوشت وبڕی بەعس بڕێژن و داگیرکردنی کوەیت وبەرهەڵستی جیهانی لەدژی ئەو هەنگاوەی ڕژیم ئەو فرسەتە چاوەڕوانکراوەیە کە بۆی ئەگەڕێن .

وەکوو هەر ئەزمەیەکی سیاسی گەورە لە 2ی ئابی 1990 بەدواوە میزاجی سیاسی خەلکی کوردستان بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو هاوکێشە سیاسیە نوێیەوە . ئاشکراشە گۆڕینی میزاجی سیاسی جەماوەر فاکتەرێکی بنەڕەتیە لە ڕوودان یا تێکشکانی شۆڕش وراپەڕینەکاندا .

گفتوگۆ ولێکدانەوەی سیاسی قووڵ وهەوڵدان بۆ ناسینەوەی ڕیشەی ئەو بوومەلەرزە سیاسیەی کە بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە بەرجەستە دەبۆوە بوو بە کاری سەرەکی هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی ئەوکاتە . ئەوە خۆشی هەنگاوی یەکەم وپێشمەرج بوو بۆ دیاریکردنی جۆری هەڵوێستی سیاسی وپلاتفۆرمی ئەو قۆناغە نوێیە وشیعاری پێویست . بەڵام لەگشت ئەوانەش گرنگتر وڕەنگ بێ وەکوو دووەمین تاقیکردنەوە لەژیانی سیاسی بزووتنەوەی نوێ ی مارکسی وچەپ لەکوردستاندا ، گەر تاقیکردنەوەی ڕابەریکردنی خۆپیشاندان وراپەرینەکەی سالانی 1982-1984 بەیەکەمیان دابنێین کە یادی هەمیشە فەرامۆشکراوە ، بایەخی ئەو قۆناغە نوێیەی خۆئامادەکردنی هێزە چەپەکان لە دوای ئەزمەی کوەیتەوە لەوەدا بوو کە ئەمجارەیان بزووتنەوەی چەپ شانی دابووە بەر هەنگاوێکی مێژوویی گەورە ونیشاندانی نیەت وئامادەیی بۆ ڕابەری کردنی خەباتی جەماوەری خەلکی کوردستان لە چوارچێوەی هاوکێشە وبارودۆخێکی سیاسی زۆر تێکچڕژاودا کە بۆ چەپ خۆشی تاقیکردنەوەیەکی زۆر تازە وئەرکێکی زۆر قورس وگران بوو .

دیارە نامەوێ لێرەدا بچمە سەر مێژوویەکی دوورتر بەڵام ووتنی ئەوە بە پێویست ئەزانم کە چەپ وچەپرەوی لە نیوەی دووەمی حەفتاکان وسەرجەم هەشتاکاندا بووبوو بە ڕەوتێکی سیاسی ناسراو وجێ ئومێد وخاوەن قورسایی وخۆشەویست لەکوردستاندا.

بەڵام چەپی مارکسی وەکوو ڕەوتێکی نوێ لە کوردستاندا گرفتی سیمای نەزەری وشوناسی سیاسی وبەرنامەیی وپراتیکی خۆشی بوو کە ئەوانە دەوری گرنگیان بوو لە دیاریکردنی جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای 2 ی ئاب وراپەڕیندا کە ئەمیان پێویستی بە باسی تایبەتتر هەیە .

خاڵی بەهێزی چەپ لەو قۆناغەدا ،جگە لە لایەنە کۆمەلایەتیەکەی وئەوەی کە هێزێکی سیاسی بوو بەرگری لە قووڵترین وهەمەلایەنەترین داخوازی وئامانجی خەلک ئەکرد وتاقیبی هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەت بەخۆی نەئەکرد ، ئەوەبوو کە ئەم هێزێکی شاری بوو ، پێ ی لەناو چین وتوێژی شارنشین و نوێ وپێشڕەوی جەماوەردا بوو ، لەپەنا دەستی ئەو جەماوەرەدا بوو وئەوان بەئاسانی دەستیان پێ ی ئەگەیشت ، تاڵ وسوێری ژیانی ئەوانی بە پێست وئێسکەوە ئەچەشت ، مێژووی ئەمبەروئەوبەرکردنی سیاسی وسات وسەودای نەبوو ، بزووتنەوەیەکی لەخۆبووردوو بێگەردبوو ، دەستی نەچووبووە دنیای سیاسەتی پڕ لەگەندەڵی وخۆگرێدانەوە بەم دەوڵەت وئەو لایەن ، کەسایەتیەکانی بەو ئەندازەیەی

لەناو خەڵكدا ناسرابوون خاوەن مێژووی درەخشان وهەڵوێستی خاوێن بوون  وبەكورتی تێوەنەگلابوون بە پێچ ودەوری سیاسەتی تەقلیدی باوی ناو گۆمەڵكا وهێزە سیاسیەكانی تائەوكاتی كوردستان .

بەڵام لەگەڵ ئەو خاڵە زۆرە ئیجابیانەدا ئەمان دەرگیری كۆڵێك گرفتی تایبەتی بزووتنەوەكەی خۆشیان بوون . ڕابەرەكانیان بەناو ونیشانەوە لەناو جەماوەردا نەناسرابوون . خاراوی تاقیكردنەوەی ڕابەری بزووتنەوەی جەماوەری خەڵكی كوردستان نەبوون . لەبواری خەباتی عەسكەریدا تاقیكردنەوەیان نەبوو . ئیمكاناتی ماددی پێویست بۆ شان دانە بەر ئەو ئەركە مێژوویە گەورە نوێیەیان نەبوو . تۆڕێكی ڕێكخستنی سەرتاسەری وایان نەبوو كە ببێ بە دینەمۆی جەماوەر لە ساتەوەختی تەقینەوەی پێشبینی كراوی ڕووداوەكاندا . چەك وچۆڵیان نەبوو . مەسەلە سیاسیە میحوەریەكانی كوردستان كە دینەمۆی ئاڵوگۆڕەكان بوون  بەتایبەتی مەسەلەی كورد وكێشەی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چاری ڕەوا وعملی ئەو مەسەلەیە جێگەیەكی ئەوتۆیان لە پلاتفۆرمی سیاسی ئەم هێزەدا نەبوو وزیاتر لە دەروازەی ڕەخنە لەناسیونالیزمی كوردەوە سەیری ئەو كێشە گرنگەیان ئەكرد . هونەری سیاسەتكردن بە مانای چۆنیەتی هەڵبژاردن لەحزەی پێشڕەوی وپاشەكشەیان هەزم نەكردبوو وبەگیانی شیعاراتەوە ئەیانڕوانیە ووردەكاری وئاڵۆزیەكانی دنیای سیاسەت وهاوكێشە سیاسیەكان . لەهەمووشی گرنگتر یاخود سەرچاوەی ئەوانە ودەیان عیللەتی سیاسی تری بزووتنەوەی چەپی ئێمە لەو كاتەدا وئێستاش ئەوەبوو ( وئەوەیە ) كە لە ڕووی میتۆدی تێڕوانین بۆ چالاكی سیاسیەوە  دەركێكی ڕۆشنیان نەبوو لەسەر جۆری هاوكێشە وتعادلی نێوان ئایدیۆلۆجیاو دنیای واقیع وكۆمەڵگا بە سەرجەم ئاڵۆزی وپێكهاتە دیاریكراو ولەهەمان كاتدا تێكچرژاوەكەیەوە .  دەربڕینی ڕای ئیسپاتی لەو بارەوە لەحەوسەڵەی ئەم ووتارە كورتەدا نیە ومن تەنها بۆ گرێدانەوەی ئەو دیاردە میتۆدیە ناسراوەی چەپی كوردستانی عێراق بە بابەتی ئەم ووتارەوە پەنجەی بۆ ڕائەكێشم .

بەڵام ئەو گرفتە گەورانە لەسەروبەندی ڕاپەڕینی ئازاری **1991**دا ، لەبەر زۆر هۆ، نەبوون بەرێگر لەوەی چەپی كوردستانی عێراق ڕۆڵێكی مێژوویی گەورە ببینێت و ئەو عیللەتانە بەهۆی مانەوە وبگرە گیان تێكەوتنەوەیان دواتر لە قۆناغی دوای شكستی ڕاپەڕیندا تۆڵەی گەورەی خۆیان لە بزووتنەوەی چەپی كوردستانی عێراق كردەوە .

بەو بارودۆخە زاتی ومەوزووعیەوە بزووتنەوەی چەپی  كوردستان ڕووبەڕووی قۆناغی مێژووی ڕاپەڕین بۆوە .

ڕاپەڕینی جەماوەری كوردستانی عێراق لەخۆشیدا خاوەنی چەند تایبەتمەندی خۆی بوو :

یەكەم : گەرچی ڕاپەڕین لەكوردستاندا پاڵپێوەنەری كۆنكریت تری خۆی هەبوو وشێوازی تایبەتی گرتە بەر بەڵام سەرهەڵدانی وتەوقیتی زەمەنی تەقینەوەی لەژێركاریگەری تەقینەوەی جەماوەری خوارووی عێراقدا بوو كە لە **28** ی شوبات لەبەسرەوە پزیسكەكەی هەڵگیرسا .

دووەم : ئەم ڕاپەڕینە بەپێچەوانەی ڕووداوە شۆڕشگێڕانەكانی هاوشێوەی لە مێژوودا ( وەكوو ڕاپەڕینی گەلانی ئێرا ن ) لەناكاو وكتووپڕ بوو . دینەمۆی زاتی سەربەخۆی خۆی نەبوو بگرە لە ژێر كاریگەری شكستی سەربازی خێرای هێزەكانی بەعس لەبەرانبەر هێزەكانی ئەمریكا وهاوپەیمانەكاندا شكڵی گرت . خەڵك بەهۆی ئەو هاوكێشە سیاسی وعەسكەریە تایبەتەوە زاتی كرد پەلاماری دام ودەزگاكانی ڕژێم بدات . بەو مانایە ڕاپەڕین گەرچی ڕیشەی لەناو جەماوەری هەموو عێراقدا هەبوو بەڵام خاوەنی یاسا وڕەوتی تایبەت بەخۆی نەبوو كە لەدرێژەی پرۆسەیەك لەبابەتی مانگرتن وخۆپیشاندانی جەماوەری ، یا مقاوەمە وخەباتێكی چەكدارانە یا مانگرتنی سەراسەری یا تێكەڵێك لەوانەدا بگاتە لووتكە وبگۆڕێت بۆ ڕاپەڕینێكی جەماوەری چەكدار كە بوونی ڕژێم بكا بە ئامانجی خەباتی خۆی وبیەوێت تێكی بشكێنێت .  ( دیارە هیچ یەك لەوانە لەڕوانگەی منەوە شەرعیەتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی بەهاری **1991**  خۆی لەكەدار ناكەن گەرچی كاریگەری زۆریشیان بووبێت لە دیاریكردنی ڕووگە وقیبلەنمای سیاسی ڕاپەڕیندا ) .

سێیەم : تا پێش تێكشكانی ڕژێم لە كوەیت میزاجی سیاسی خەڵكی كوردستان  بێئومێدی وبێتوانایی بەسەریدا زاڵ بوو . خەڵك لە حاڵتی دیفاعدا بوون لەبەرانبەر ڕژێمدا . دەستەوەستانی وتەسلیم بوون گیانی سیاسی زاڵی ناو خەڵك بوو . بێئومێدی وڕەشبینی باڵی كێشابوو بەسەر خەڵكدا . ڕژێم گورزی كاریگەری لە خەڵك وهێزە سیاسیەكانی ئەوكاتی كوردستان دابوو . هەڵسووڕاوان وپێشڕەوانی سیاسی بزووتنەوەی چەپ بواری هەڵسووڕانیان زۆر بەرتەسك كرابۆوە وسەرقاڵی ڕێكخستنی پاراستنی خۆیان بوون .

سەرجەم ئەو پانۆراما سیاسیە چوارچێوەی سیاسی ڕاپەڕینی دیاریئەکرد .

هێزە چەپەکان بە جیاوازی لێکدانەوە وئەنجامگیری سیاسیانەوە جموجۆلێکی بێوێنەیان تێ کەوتبوو تا بتوانن باری تێکشکاوی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستاندا بە قازانجی خەڵک ڕاست کەنەوە وبەسوودوەرگرتن لەو ئەزمە کوشندەیەی ڕژێم تێی کەوتووە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێن وجەماوەری خەڵک ئامادە بکەن بۆ ڕاپەڕین ورووخاندنی یەکجاری ڕژێمی بەعس .

ناوەڕۆکی پلاتفۆرمی بزووتنەوەی چەپ لەوەدا خۆی ئەنواند کە بارودۆخ وهاوکێشەی سیاسی دوای داگیرکردنی کوەیت وهەڵوێیستی هێزە جیهانیەکان لە دژی ڕژێمی بەعس تەمەنی ئەو ڕژێمەی خستۆتە بەر مەترسی تیاچوونەوە . ئێمە پێمان وابوو کە گەرچی ئەو شەڕە شەڕێکی کۆنەپەرستانەیە بەڵام هەڕەشەیەکی کوشندەشە بۆ سەر ڕژێم . چەپ پێ ی لەسەر ئەوە دائەگرت کە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵک و ( دەسەڵاتدارەتی شوورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان ) ئەبێ جێ ی ڕژێمی لەناوچوو بکرێتەوە . ئەو هەڵوێستە چەند گرژی وناڕۆشنی هەبوو ئەوە باسێکی ترە بەڵام خاڵێ بەهێزی لەوەدابوو کە لەبەرەی خەڵک وئامانجەکانی ئەوەوە هەڵئەسا .

هێزی ڕێکخراوی ناو بزووتنەوەی چەپی مارکسی لەوکاتەدا زیاتر بەسەر **2** ڕێکخراودا دابەش ببوو کە یەکەمیان ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە مێژوویەکی کۆنتری هەبوو ولە ئاڵوگۆڕەکانی ناو ڕێکخراوی کارگەران لە **1984-85** بەدواوە ئەو ناوەی لەخۆی نابوو ولایەنی دووەمیش بریتی بوو لە ڕێکخراوی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان کە لە پرۆسەی یەکگرتنی **3** گرووپ پێکهات کە بەشێکی زۆری لەو کەسانە پێکهاتبوون کە پێشتر لە **85** دا ڕیزەکانی کارگەرانمان جێهێشتبوو .

ئێمە وەکوو ڕێکخراوی یەکێتی خەبات دوای پرۆسەیەکی زۆر وهەمەلایەنە لە باس وگفتۆگۆی چڕ وپڕ ، نزیکەی **2-3** مانگ لەدوای داگیرکردنی کوەیت ، پلاتفۆرمێکی هەمەلایەنەمان ئامادەکرد وەکوو بەرنامەی سیاسی – عملی بۆ بارودۆخی نوێ ی عێراق وکوردستان بەناوی پلاتفۆرمی ( نان ، کار ، ئازادی – حکوومەتی شوورایی ) . لەو پلاتفۆرمەدا هێڵە سەرەکیەکانی بارودۆخی سیاسی عێراق لێکدرابۆوە وپێمان داگرتبوو لەسەر پێوسیستی وتوانایی عملی بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی عێراق وپێویستییەکانی وچۆنیەتی سەرکەتنی وئامانجی خەڵک لەم ڕاپەڕینەدا . لەو پلاتفۆرمەدا ئێمە پێماناگرتبوو لەسەر حکوومەتی شووراکانی خەڵک وەکوو چوارچێوەی سەرەکی دەسەڵاتدارەتی سیاسی بەدیل بۆ ڕژێمی بەعس .

لەقۆناغەکانی دواتردا وپاش پێکهێنانی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان لە سەر بناغەی ئەو پلاتفۆرمە میحوەری هەڵسووڕانی سیاسیمان لە چەند مەیدانێکدا خۆی ئەنواند :

**1** / جێگیرکردنی ئەو بەرنامە سیاسیە لەناو ڕیزێکی فراوانی خەڵکدا وبلاوکردنەوەی لە ئاستی جەماوەری فراواندا وکردنی شیعارات وداخوازیەکانی بە داخوازی جەماوەری خەڵک لەهەر ناڕەزایەتیەکدا کە ڕوو ئەدەن .

**2** / گۆڕینی پلاتفۆرمی ناوبراو لە سیاسەتی ڕێکخراو یا گرووپێکی بچووکی سیاسیەوە بە هێڵێکی سیاسی ئەوتۆ کە بتوانێت یەکیەتی ڕیزێکی فراوانتری بزووتنەوەی چەپ وکۆمۆنیستی فەراهەم بکات کە بتوانن لە هەر وەرچەرخانێکی سیاسیدا لە ئەزمەی ئەوکاتەدا ببێ بە ئاڵای خەباتی سەرتاسەری جەماوەری بەتایبەتی لەکوردستاندا .

**3** / ئێمە پێمان وابوو کە دامەزراندنی شووراکانی خەڵک لەبارودۆخی ئەوکاتەدا وبەلەبەرچاوگرتنی زەبر وزەنگی لەرادەبەدەری ڕژێم کارێکە کە لەڕووی عملیەوە دژوارە بەبێ تەقینەوەی خەباتی جەماوەری بۆیە دەستمان کرد بەدانانی نەخشەیەکی هەمەلایەنە بۆ پێکهێنانی ( کۆمیتەکانی ڕاپەڕین ) کە ئەتوانن لەسەرووبەندی تەقینەوەی خەباتی جەماوەریدا ببن بە ناوک ودینەمۆی شووراکان .

بەو پێیە ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی ڕێکخراوی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان بوو بە پێکهێنانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین بۆ سازدان وڕێکخستنی خەڵک بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری بەتایبەتی لەکوردستاندا . ئاکامی ئەو چەند مانگەی ئەو چالاکیانە زۆر دەسکەوتیان بوو بەتایبەتی لەگەڵ ڕەوتی ڕەوینەوەی میزاجی ترس وگۆڕینی بەرەبەرەی بە میزاجی ئامادەیی جەماوەری بۆ بەرەنگاری وخۆسازدان وچاوەڕوانی پزیسکی ناڕەزایەتی . لەو چەند مانگەدا **14** کۆمیتەی ڕاپەڕین بەتەنها لە شاری سلێمانی لەگەڕەکەکانی وەکوو خەبات وسەرشەقام وزەرگەتە وبرایم پاشا وئازادی ومجید بەگ وزۆر شوێنی تر

پێکهاتن و چەندین کۆمیتەی تری هاوچەشن لە شۆریجە وحوریە وئیسکان وئازادی والحی العسکری کەرکووک وچەندینی تریش لە هەولێر دامەزران . ئەو کۆمیتانە هەم لەڕووی ژمارەوە وهەم لە ڕووی چالاکیان لەناو خەڵکدا زۆر خێرا و پێ بەپێ ی قووڵبوونەوەی ئەزمەی سەراسەری لە عێراقدا گەشەیان ئەکرد وسەرقاڵی هاندان ورێکخستن بوون لە ناو خەڵکدا . لەسەرەتای ساڵی **1991** دا ئیتر سەرپەرشتی وهاوئاهەنگی نێوان ئەو کۆمیتانە وتەریکبوونەوەی زیاتری ڕژێم لەناو خەڵکدا وچوونەسەری ئامادەیی خەڵک وگەشەکردنی نفووز وچالاکی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستەکان وگۆڕانی بەردەوام لە بارۆمەتری میزاجی سیاسی جەماوەری کوردستان وهەموو عێراق وچاوەڕوانی خەڵک بۆ تەقینەوەی ڕووداوەکان وپێویستی هاوئاهەنگی وگرێدانەوەی چالاکی هەموو کۆمیتەکان لە کوردستان پێکەوە ، پێویستی پێکهێنانی کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕینیان کرد بەزەروورەتێکی فوری وئەوەبوو کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین وەڵامی ئەو پێویستیە بوو . کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین پێک ئەهات لە لێپرساو یا ڕێکخەری کۆمیتەکانی خوارەوە .

پێ بە پێ ی پێگەیشتنی بارودۆخی هەڵسان وخرۆشانی جەماوەری ولەگەرمەی دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بۆ دەرکردنی عێراق لەکوەیت و شکستە گەورە ویەک لەدوای یەک وخێراکانی هێزەکانی حکوومەتی عێراق وشپرزی وئالۆزیەکی بێ وێنەی دەسەڵاتدارەتی بەعس لەناوخۆدا وشکانی ترس وسامی خەڵک لە دەزگا داپڵۆسەرەکانی ئەو ڕژیمە وسەرەتای تێکچوونی شیرازە وبالانسی ڕژێم لەکوردستاندا ، کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین گوژم وتینێکی تری تێکەوت ولەوکاتەوە کاری سەرەکی بوو بەئامادەکردنی ووردتری پێویستیە تەکنیکیەکانی ڕاپەڕین وزەخیرە خستن ودانانی نەقشە وپلانی ووردتر بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕین وگۆڕینی هەر نارەزایەتیەکی جەماوەری وفراوانکردنەوەی بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری وئامادەباشی تەواو وهەمیشەیی .

بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا کە کۆمیتەکان هەوڵی خێرا وکاریگەر بدەن بۆ پەیداکردنی هەموو جۆرە چەک وتەقەمەنیەک وپێکهێنانی گرووپی چەکدار لەناو ڕیزەکانیاندا . لەهەر کوێ ببیسترایە پارچەیەک چەک یا نارنجۆک هەیە کۆمیتەکان هەوڵیان ئەدا بە پارە بیکڕن یا پەیدای بکەن . سەربازانی ڕاکردووی ڕژیم لە هەڵاتنیاندا لە کوەیت یا لەسەربازخانەکانی کوردستان یا خوارووی عێراق چەکیان ئەڕفان وکۆمیتەکان هەوڵیان ئەدا سوود لەو کەناڵانە وەربگرن بۆ خۆ چەککردن یا بۆ ڕاکێشانی ئەو جۆرە کەسانە بۆ پەیوەندیکردن بەکۆمیتەکانەوە گەر ئامادەنەبوونایە ئەو چەکانە بفرۆشن بە کۆمیتەکان یا پێیان ببەخشن . لە سەربازخانەی تانجەڕۆوە کۆمەڵێک نارنجۆک گەیشتن بەدەستی کۆمیتەکان کە دواتر هەندێکیان لەڕێگەی چەند هاوڕێ ی ئافرەتەوە ولەڕێگەی شاردنەوەیان لەگیانیاندا ڕەوانەی کۆمیتەکانی کەرکووک کران . چەندین پارچە چەکی شاراوەی شەخسی خۆمان خستە بەردەستی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین . ئیتر کۆمیتەکانی ڕاپەڕین لە ئامادەییەکی تەواودا بوون بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕین بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا گۆڕینی هەر پریشکێکی بچووکی نارەزایەتی خەڵک یا هەر ڕووداوێکی تر بە ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە ئاستی شارەکاندا . دیارە لەگەڵ چوونەپێشەوەی ڕەوتی ئەزمە وڕووداوەکاندا چەندین کۆمیتە ودەستە وگرووپی تریش وەکوو ئەو کۆمیتانەی کە بەدەسپێشکەری ڕێکخراوی یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان پێکهاتبوون ، دادەمەزران وسەرجەم هێز وڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بە چەپ وڕاستەوە سەرقاڵی ئەوە بوون هەریەک لەڕوانگەی دیدگا وبەرنامەی سیاسی خۆیەوە زۆرترین قورسایی وکاریگەریان لەسەر ڕەوتی قووڵکردنەوەی ڕووداوەکان بە باری هەڵگیرسانی ڕاپەڕیندا هەبێ . هەر لەو نێوەدا چەندین کۆڕ وکۆمەڵی نوێش لەناو بزووتنەوەی چەپدا سەریان دەرهێنابوو وسەرگەرمی چالاکی بوون لەهەمان ڕاستادا .

چەند ڕۆژێک پێش لە تەقینەوەی ڕاپەڕین لە ڕانیە وپاشان لە سلێمانی کۆمیتە باڵای ڕاپەڕین دواترین کۆبوونەوەی خۆی لە گەڕەکی چوارباغ لە ماڵێکی نزیکی مەلعەبەکە کرد . لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیاری گرنگ دران . کۆمیتەی سەرشەقام یەکێک لەتەیارترین وبەهێزترین کۆمیتە بوو . ئەم کۆمیتەیە بە دەسپێشکەری هاوڕێیانی خۆی وبەهۆی نفووزێکی جەماوەری کە لە ناوچەکەدا بووی پۆلێکی چەکداری لە کەسانی شارەزای کۆمیتەکە پێکهێنابوو وپلانیان دانابوو بۆ پەلاماردانی دام ودەزگاکانی ڕژێم و ڕەواندنەوەی ترسی خەڵک لێیان . پۆلێکی تری کۆمیتەکان لە برایم پاشاوە بەچەکەوە لە ئامادەباشدا بوون . هەر لەو کۆبوونەوەیەی چوارباغدا دواپیاچوونەوە بە شیعارەکان وداخوازیەکان وڕێنوێنیەکاندا بەووردی کرایەوە وکارەکان سەرلەنوێ دابەش کرانەوە .

ڕۆژی 5 / 3 دەرگیریەکی بچووک لە دەوروبەری گەڕەکی گاوران لە سلێمانی لەنێوان هەندێ لاوی خەڵکی شارەکە ومەفرەزەکانی ناوشاری ڕژێمدا ڕوویان دا کە چەند هوتافی تیا کێشرابوو بەڵام ڕژێم ئەیزانی بارودۆخەکە لەسەر یەک پریشک ڕاوەستاوە تا بتەقێتەوە ، خۆی دوورئەگرت لەدەرگیری لەگەڵ خەڵکدا ورێنوێنیان بە هێزەکانیان دابوو کە هەوڵ بدەن نەبن بە هۆی وورووژاندنی خەڵک . ڕۆژانی 5 و 6 ی ئازار ڕژێم بۆ چاوترساندنی خەڵکی سلێمانی وبەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕووداوەکەی بەسرە وشکستێک کە لە شەڕدا تووشی هاتبوو هێزێکی زۆری ڕژانە سەر شەقام وکۆڵانەکانی شار وهێزەکانی خستبووە حاڵەتی ئیتراری تەواوەوە ولەشەقامەکاندا بەوپەڕی تەیاریەوە نیشانی خەڵکی ئەدان . 6 / 3 علی حسن المجید بەفرۆکەیەکی کۆپتەر خۆی گەیاندە سلێمانی ولەگەڵ گەورە لێپرسراوانی ڕژێمدا کۆبوونەوەی پێکردبوون وهێزەکانی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکدا چێک کردبوو .

## تەقینەوەی ڕاپەڕین لە سلێمانی وچەند دیمەنێک

بەرەبەیانی ڕۆژی 7 / 3 بەپێ ی بڕیاری کۆمیتەی باڵای ڕاپەڕین کۆمیتەی سەرشەقام دابەزینە ناو کۆڵانەکان وکەوتنە جاڕدانی خەڵک بۆ هاتنە دەرەوە وڕژانە سەر شەقام وکۆڵانەکان . بەو 2 – 3 پارچە چەکەوە کە پێیان بوو کە وابزانم یەک کلاشینکۆفی تیابوو هەوڵیان دا بەرەو سەرکارێز بێن ولەکاتەدا کەوتنە بەر پەلاماری چەکدارەکانی عەلە لووت ماسی وتاقمەکەی کە بارەگاکەیان لەسەرووی مەرکەزی پۆلیسی سەرکارێزەوە بوو . لەگەڵ دەستپێکردنی تەقەدا بەرەبەرە خەڵک ئەهاتنە دەرەوە بەڵام بە دوو دڵی وگومانەوە . لەگەڵ پەیوەستبوونی خەڵکی زیاتر بەو هاوڕێیانەوە کە شەهید ( خالیدی مەلا عەلی ) پێشەنگیان بوو لەماڵەکانی دەوروبوری سانەوی سیروانیشەوە لە چوارباغ خەڵک بەرەبەرە ڕژانە سەرشەقامەکان . هاوکات لەگەڵ زیادبوونی دەرگیری وتەقەدا خەڵک زیاتر پەیوەست ئەبوون بە ڕیزی خۆپیشاندەرانەوە . جیشی شەعبیەکانی سەر بینایەی حەسیب ساڵح وبیناکەی بەرانبەر نەقلیاتی هەلەبجە ودەربەند شان بەشانی چەکدارەکانی عەلەلووت ماسی کەوتنە ڕێژنەبارانکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی شار و دەرگیری چەکدارانە خەستتر ئەبۆوە بەڵام تەرازووی هێز لەڕووی چەکەوە لەنێوان هەردوولادا بەراوورد نەئەکرا .

پێش سەعات نۆی بەیانی کە لە کۆمیتەی برایم پاشا خەریکی خۆسازدان بووین بۆ هاتنەدەرەوە دەنگی تەقەکانی سەرکارێز وسەرشەقام دەبیستران . لەوکاتەدا هاوڕێ خالید لەسەرشەقامەوە بە ئەندامێکی کۆمیتەکەدا پەیامێکی بەپەلەی بۆ ناردین کە لەژێر فشارێکی زۆردان وبەو چەند چەکەوەی کە پێیانە لە چەندین لاوە لە ژێر گوشاری تەقەدان . کۆمیتەی ئەوێ بەپەلە هاتینە سەر شەقامی گشتی برایم پاشا بەڵام سەرەتا خەڵک سڵیان ئەکردەوە لەهاتنەدەرەوە وتەنها ملەتاتکێیان ئەکرد . بەبەرچاومانەوە ئۆتۆمبێلی سەربازی وپۆلیسی ڕژێم پیاوەکانی خۆیان بە درێژایی جادەی برایم پاشا بەرەو شەهید عوسمان وتا بینایەی زانکۆی ئێستا دادەمەزراند . هاوڕێیانی کۆمیتەکە لەژێر فشارێکی زۆردابووین وزۆر نیگەرانی چارەنووسی هاوڕێیانی سەرشەقام بووین بەتایبەتی کە دەنگی تەقەکان زیاتر ئەبوون . دەسبەجێ بڕیارمان دا بچین بۆ مەجید بەگ وئەوێمان بەگونجاوتر زانی بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان تا هیچ نەبێ هەندێ فشار لەسەر هاوڕێیانی خوارەوە کوم بکەینەوە . بەڵام گرفتەکەی گرووپی لای ئێمە لەوەدابوو کە تەنها دەمانچەیەک و3 نارنجۆکمان پێبوو . بۆ خۆدوورگرتن لەو چەکدارانەی ڕژێم کە بەو ناوەدا بڵاوبووبوونەوە کۆڵانەکانمان گرتەبەر تا گەیشتینە شوێنی پاسەکانی مەجید بەگ کە زۆر نزیک بوو لە پۆلیسی تەواریەکەی بەرانبەر زانکۆ وبارەگای جەیشی شەعبیەکەی شەهید عوسمان . بەگەیشتنمان بەوێ کۆمەڵێک هاوڕێ ی کۆنی تری چەپمان بینێ کە ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە هاتبوون . خێرا کەوتینە تەنسیقکردن ودەسکرا بە هوتاف کێشان وشیعار دان وبانگەوازکردنی خەڵک بۆ هاتنە دەرەوە . بۆ بەرزکردنەوەی وورەی خەڵک موبالەغەمان ئەکرد وئەمان ووت سەرجەم شارەکانی کوردستان وعێراق ڕاپەڕیون . شیعاری ( نان ، کار ، ئازادی وحکوومەتی شوورایی ) و ( بڕوخێ ڕژێمی بەعس ) و بژی دەسەڵاتی خەڵک شیعارەکانی یەکەمجارمان بوون . دیار بوو بەرەبەرە لە گەڕەکەکانی ئازادی وشەکرەکە وبەختیاریشەوە خەڵک خەریکن ئەڕژێنە سەرکۆڵانەکان . سەرەتا خەڵک لە سووچی دەرگا وپەنجەرەکانەوە بە دوودڵیەوە تێیان ئەڕوانین وپاشان بەرەبەرە لاوان ئەهاتن وپرسیاریان ئەکرد کە چی بکەن وچۆن هاوکاری بکەن . ژمارەی خەڵک زیادی ئەکرد وهەواڵیان

هێنا کە ڕژێم بەلۆری سەرداخراوەوە کە پڕن لەچەکدار ئەڕژێنە ناو خۆپیشاندەران و تەقەکردن لە خەڵکی ڕاپەڕیو بۆیە بڕیارماندا سەرەتای جادەی گەڕەکەکە لە خوارەوە بە بەرد وبەرمیل و تایەی کۆن دابخەین تا هیچ نەبێ هێرشی هێزەکانی ڕژێم دوابخەین . بە زیادبوونی ژمارەی خەڵک بەدەورمانەوە ( نزیکەی **150** کەس ئەبوو ن ) بڕیاردرا ڕووبکەینە جادە گشتیەکە وهێرش بۆسەر بینای زانکۆ کە ئەوکات مجمعی دام ودەزگای حکوومی بوو وهەروەها گرتنی پۆلیسخانەکانی سەر گۆشەکە .

لە ماوەی **1- 2** سەعاتدا هەموو دام ودەزگاکانی مجمعەکەی زانکۆ وپۆلیسخانەکان و بارەگا گەورەکەی شەهید عوسمان کە ساڵەهای ساڵ شوێنی جاسووسی وزەبر وزەنگ بوو لە دژی خەڵکی ئازادیخوازی شارەکە بەهەموو ئیمکاناتەکانیەوە کەوتنە بەردەستی خەڵکی ڕاپەڕیو ودەیان کەس بەدیل گیران وزۆربەیان دەسبەجێ ئازادکران . بەگرتنی ئەو شوێنانە تەرازووی هێز لە بەشی سەرەوەی شاردا بەتەواوی بەقازانجی خەڵکی ڕاپەڕیو گۆڕا وئیتر هەزاران کەس لەخەڵکی ئەو گەڕەکانەوە پەیوەست بوون بە ڕیزی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە ولەگەڵ گرتنی پۆلیسخانەی سجنەکەی سەرەوە ئیتر خەڵکی ڕاپەڕیوی سەروخواری شار لەدەوری سەرا یەکانگیربوون تا ڕۆژی دواتر دوایین پاشماوەکانی ڕژێمی کوشت وسێدارەی بەعس لە ئەمنە سوورەکەدا دوای شەڕێکی **1** ڕۆژی حەماسی لە شار پاککرانەوە .

پێشمەرگە : لەوێ بوون ؟ لەوێ نەبوون ؟

هیچ گومانی تیا نیە کە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەپێ ی توانا وبوونیان لەجەرگەی ڕووداوەکە وڕادەی نفووزی هەر یەکەیان لەناوخەڵکدا دەوریان گێڕا لە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕیندا ( جگە لە هێزە ئیسلامیەکان کە ئاسەوار وجێ پەنجەیان بە هیچ لایەنێکی ڕاپەڕینەوە دیار نەبوو ) .

ڕاستیەکی تریش ئەوەیە کە بەرەی کوردستانی ئەوکات کە لە خەباتی چەکداریاندا گورزی کاریگەریان لەلایەن ڕژێمەوە بەرکەوتبوو نەیان ئەتوانێ بەهێزی چەکدار ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕنبەتایبەتی لە خەباتی ناو شارەکانی کوردستاندا . جگە لەوەش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەدرێژەی پرۆسەیەک لە تفاعلاتی سیاسی کوردستانیدا بەرپانەبوون بەڵکوو زۆر خێرا هەڵگیرسا وئیتر لەڕووی بابەتیەوە فرسەتی بەهێزی چەکداری پێشمەرگە نەدا کە دەورێکی ئەوتۆ بگێڕن لە هەڵگیرساندنیدا بەتایبەتی کە هەم بە ژمارە زۆر کەم وهەم زۆر دوور لە شوێن وکاتی تەقینەوەی ڕووداوەکان بوون . ئەو ڕاستیە بەتایبەتی لەو شارانەدا بە ئاشکراتر هەستی پێئەکرا کە ڕاپەڕین زووتر لێوەی هەڵگیرسا وەکوو ڕانیە وسلێمانی .

جگە لەوەش حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی بەیەکێتی وپارتیشەوە خاوەنی ڕێکخراوێکی جەماوەری ئەوتۆ نەبوون کە بتوانن پێشەنگی ڕاپەڕینێکی جەماوەری وا گەورە بگرنە ئەستۆ . ئەو ڕاستیانە بەتایبەتی لە وردەکاریەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە یەکەمین سەعاتەکاندا و لەشیعار و هوتافات و تەرکیبەی پۆلەکانی سەرەتای هەڵگیرسانی ڕاپەڕین وڕێکخستن وڕێنوێنی خەڵک و زۆر فاکتەری مایکرۆی تردا بەتایبەتی بۆ بەشداربووانی سەرەتای ڕاپەڕین زۆر ڕۆشن بوون .

ئەوانەی کە لە وردەکاری **2** ڕۆژی ڕاپەڕینی سلێمانی ئاگادارن باش ئەزانن کە بە غەیری بوونی تاک وتەرایەک چەکداری سەر بەو حیزبانە ( کە بۆ پارتی من لە بوونی تاک وتەراش لە سلێمانی بە گومانم ) ئیتر هێزی نەک سەرەکی بەڵکوو زۆرینەی زۆری ڕاپەڕین خودی جەماوەر خۆیان بوون . بەو مانایە نەک هێزی چەکداری ئەو حیزبانە وپێشمەرگە خەڵکیان لەدەستی ڕژێمی بەعس ڕزگار نەکرد بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە ئەوە خەڵک بوون ئەوانیان ڕزگارکرد لە گۆشەگیری ودوورەپەرێزیەک کە تێ ی کەوتبوون .

بەڵام ئەوەندەی کە بگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی چەپ ئەوە لە بەشداری چالاکانە وڕێنوێنی وڕابەری جەماوەر وڕێکخستنیان وپێشەنگی نواندن لە ڕاپەڕیندا دەوری زۆر گرنگیان گێڕا . هۆی ئەوەش زۆرە ولەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە چەپ خۆی لەجەرگەی بارودۆخەکەدا ولەتەنووری ئەزمەکەدا ئەژیا ولەپەنا دەستی خەڵکدا بوو . ڕاپەڕینی جەماوەری وهەڵسووڕانی لەو بابەتە فەلسەفەی وجوودی چەپ بوو بەپێچەوانەی هێزەکانی بەرەی کوردستانیەوە کە مێژوویەکیان نەبوو لە بڕوابوون وپراکتیزەکردنی خەباتی جەماوەری وەکوو شێوەیەکی گرنگی خەباتی سیاسی . هەر ئەوەش بوو وای کرد کە بەرەی کوردستانی زۆر زوو و هێشتاش ڕژێمی بەعس لەدەوروبەری کەرکووک بوو بکەوێتە

پەلاماردانی هێزە چەپەکان وشووراکان لەلایەک و هەڵپەکردن بۆ داکوتانی دەسەلاتی خۆی بەسەر خەڵکدا وئاشبەتاڵکردن بەخەڵک ورەوانەکردنەوەیان بۆ کونجی ماڵەوە وگوێ نەدان بەدەوری ئەو جەماوەرەی کە چەند هەفتە لەوەپێش کوردستانیان لە سێبەری شوومی ڕژێمی بەعس پاک کردبۆوە .

## چەپ و سەرەنجامی ڕاپەڕین

بەڵام گرفتی بنەڕەتی باسکردنی ئەم مەسەلەیە وهۆی وورووژاندنی لەوەدایە کە بۆچی بزووتنەوەی چەپ سەرباری دەورێک کە گێڕای لە پێش ولەکاتی ڕاپەڕیندا نەیتوانی زنجیرەی پێشڕەویەکانی درێژە پێ بدات تا بتوانێ ڕەوتی ڕاپەڕین بە ئاقاری بەرژەوەندی خەڵک وئامانجەکانی ئەواندا ببات وئەلتەرناتیڤێکیش لە بواری جۆری دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بێنێتە ئاراوە کە ئەو ئامانج وبەرژەوەندیانەی خەڵک بەدی بێنێت یا ڕوو لەبەدی کردنیان بکات ؟

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە گۆشەیەک لە مێژوویەکی بەسەرچوو بخەمە بەرباس هەروەها ناشکرێ سەرجەم ڕیشە وهۆیەکانی ئەو کورت هێنانەی چەپ لەو قۆناغەدا شی بکەمەوە و ئەوە باسێکی دوورودرێژتری گەرەکە.

لێرەدا بێ ئەوەش کە بچمە سەر لایەنە بابەتیەکانی سەرەنجامێک کە ڕاپەڕین بەسەری هات و بوو بە سەکۆیەک بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی 2 حیزبی سیاسی دەسەڵاتداری کوردستان لە جیاتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە خەڵک لەپێناویاندا ڕاپەڕینی بەرپاکرد ، تەنها ئیشارەی خێرا بەچەند مەسەلەی سەرەکی ئەکەم کە بوون بەهۆی ئەوەی کە چەپ نەک تەنها فەشەل بهێنێ لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵک لە قۆناغێکی ناسکی سیاسی کوردستاندا بەڵکوو پرۆسەی پەراوێزکەوتنی خۆشی بەدەستی خۆی دەست پێ بکات .

1 / تێڕوانینی دۆگمایی وئایدیۆلۆجی ڕووت بۆ پرۆسەی ڕاپەڕین وئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی دواتری .

بۆ نموونە و وەکوو قاعیدەیەکی سیاسی گشتی لەڕاپەین وشۆڕشەکاندا دەسەڵاتی سیاسی ئەبێ بە لەولەب وکلیلی دیاریکردنی چارەنووسی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا وناکرێ لەسەروبەندی مسابەقەی هەموو هێزە سیاسیەکانی کۆمە ڵ بۆ شەڕ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی تۆ خۆت بە خستنەڕووی داواکاری ئابووری وڕیفاهیەوە ببەستیتەوە چونکە دەروازەی بەدیهێنانی ئەو داخوازی وئاڵوگۆڕانە لەو کاتەدا ئەبەسترێنەوە بە ڕێکخستنەوەی سەر لەنوێ ی دەسەڵاتی سیاسی و گیرسانەوەی دەسەڵات بەدەستی کام لایەن وهێزەوە . دیارە ئەبێ وپێویستە کە تۆ بۆ ناساندنی ئەلتەرناتیڤەکەت بۆ ڕێکخستنەوەی سەرجەم کۆمەڵ وجۆری دەسەڵاتی سیاسی باس ناوەڕۆکی سیستمی کۆمەڵایەتی وئابووریەک بکەیت کە زۆر جیاوازە لەهی هێزە بورجوازیەکان .

ئەم میتۆدە زۆر بە ڕۆشنی لە بەرنامە وپلاتفۆرمی سیاسی هێزە کۆمۆنیست وچەپەکاندا لەوقۆناغەدا دەبینرا وئاکامە مەنتیقیەکەشی ئەوەبوو کە بە بێ نیەت ئەوە بە هێزەکانی تربڵێت کە دەسەڵات بۆ ئێوە وئێمە هەر لە مەوقیعی داخوازی وئۆپۆزیسیۆنەوە ئەڕوانینە بارودۆخی سیاسی کوردستان یا لانی کەم ئەوە ئەنجامی عملی ئەو میتۆدەیە ودیارە ئەوە بانگەوازێکی ناڕاسنەوخۆشە بۆ جەماوەر کە ڕووبکاتە ئەو هێزانە وئەوان بە کلیلداری چارەنووسی کۆمەڵ بناسێ لەو قۆناغەدا .

2 / خەڵکی کوردستان بە پلەی سەرەکی بەهۆی زەوتکردنی مافە نەتەوەییەکانیانەوە دەستیان دایە ڕاپەڕین . ئەوە کاردانەوەیەکی سروشتی بوو لەبەرانبەر سیاسەتی کوشت وبڕ وجینۆسایدی بەعس لە کوردستاندا . لەو ڕوانگەیەوە لەوەش سروشتی تر ئەوەبوو کە مەسەلەی میللی وەکوو مەسەلەیەکی دیموکراتیک بە تایبەتی کەبزووتنەوەی میللی دیموکراتی لە کوردستاندا ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخواز وئازادیخوازانەی هەبوو وهێزی ئەسلی ئەم بزووتنەوەیە لە شارەکاندا بوو ، ببێ بە میحوەری ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان وپاڵپێوەنەری خەڵک لە ڕاپەڕیندا ویەکێک لە پێوانە سەرەکیەکان بۆ هەڵبژارنی بەرەی سیاسی جۆراوجۆر لەلایەن خەڵکەوە . بەڵام بەتایبەتی لە ڕاپەڕیندا بزووتنەوەی چەپ

هیچ بەرنامە وپرۆژەیەکی نەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە بەجۆرێک کـە بتـوانێ لەچوارچـێوەی بەرنامـەی سیاسـی ڕادیکـال وسۆسیالیستی خۆیدا هەم ئەو دەردە گرانەی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکات وهەم دووڵـی وزەبـوونی وهەلپەرسـتی وئیستیغلالکردنی ئەو مەسەلەیە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی سوود لێوەربگرێت .

ئەم سیاسەتەی چەپ لەوکاتەدا باشترین دیاری بوو بۆ یەکێتی وپارتی وبـێمتمانەیی خەڵکیـشی بـە بزووتنەوەکـەمان بەهێز کرد .

3 / بزووتنەوەی چەپ ئاسۆی سیاسی خۆی لە تەنیا چوارچێوەیەکدا شەتەک دابوو بێ ئەوە تێڕوانینێکی ڕۆشـنی بـۆی هەبێت . چەپ حساباتی سیاسی خۆی لەسەر ئەوە بنیات نابوو کە ڕاپەڕین ئەبێتە هـۆی ڕووخـانی ڕژێـمی بـەعس بـێ ئەوەی شێوە وپرۆسەی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی تاووتوێکردبێ . ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوکات هیچ ئەگەرێکی تری سیاسیان لەبەرچاونەگرتبوو تا حساباتی سیاسی وعملی خۆیان لەسەر ئـەو ئەگەرانـەش بنیـات بنـێن لـەکاتی سـەرنەکەوتنی ڕاپەڕین بەو ئاقارەی پێشبینیکراوەیدا .

ئەوە گەورەترین کورتبینی سیاسی سەرجەم بەرەی چەپ بوو کە لەگەڵ لـێژبوونەوەی گڵۆڵـەی ڕاپـەڕین وئاکامـەکانی وگرتنەوەی شارەکاندا چەپ زەرەرمەنـدترین هـێز بـوو وبـوو بـە ئـاردی نـاو درک وچـەند مـانگێ ویـست تـا هـێزە ڕێکخراوەییەکەی خۆشی کۆبکاتەوە چ جای ئەوەی کە پایگا جەماوەریەکەی بەدەس بێنێتەوە .

جگە لەوە چەپی کوردستان بە ڕواڵەت وبەرنامە وچوارچێوەی ئاسۆ وئامانجی هـێزێکی عـێراقی بـوو بـەڵام لەڕاسـتیدا نفووزی سیاسی وسەدای شیعار وهەلویستەکانی لەکەرکووک بەولاوە بڕیان نەئەکرد بەڵام سەیر لـەوەدابوو ئـەم هـێزە سادەترین بەرنامەی تایبەتی بۆ کوردستانیش نەبوو کە تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەوێ بگرێتە خۆی ، تایبەتمەندیەک کە تەنها لەبواری بوونی مەسەلەی میللیدا نەئەمانەوە بەڵکوو زۆر لایەنی سیاسـی وکۆمەڵایـەتی تریشی ئەگرتەوە .

ئەو ڕاستیە وای لە چەپی کوردستان کردبوو کە لەڕووی سیاسیەوە بیکات بەهێزێکی هولامی وئامرازی پرسیارێکی گەورە بخاتە سەر سیاسەت وهەڵوێستەکانی .

4 / چـەپی کوردسـتانی عـێراق پەیوەنیـەکی خزمایـەتی ئـادیۆلۆجی وبەرنامـەیی زۆر نزیکـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا وبەدیاریکراویش لەگەڵ باڵـێکی دیـاریکراوی ئـەو بزووتنەوەیـەدا هـەبوو کـە خـۆی لـە حیـزبی کۆمۆنیستی ئێراندا ڕێکخستبوو . تا ئێرە مەسەلەیەکی سروشتیە وچەپ سلێک لەوە ناکاتەوە کە تفاعلی زۆر نزیک بکات لەگەڵ بزووتنەوە هاوچەشنەکانی خۆی لەباری نەزەری وبەرنامەیی وسیاسیەوە چ جای ئەوەی کە تاقیکردنەوەی ( حکا ) نزیکایەتی زۆری لە گەڵ تاقیکردنەوەی ئێمەدا هەبوو . بەڵام جۆری ئەم پەیوەندیەی چـەپی عـێراق و( حکـا ) ، سـەرباری کاریگەری ودەسکەوتی ئیجابی زۆری ، زۆر ئاکامی خراپیشی لەسەر چـەپ وبزووتنـەوەی کۆمۆنیـستی لـە کوردسـتانی عێراقدا هەبوو . گرفتەکە لە بوون وپێویستی پەیوەندیەکەدا نەبوو بەڵکوو لە جۆر و شێواز وتداخلاتی ئـەو پەیوەندیـەدا بوو . پاشکۆیەتی وکۆپیکردنی هەڵوێستە سیاسـیەکان ، شـێوازی کـار وچـالاکی سیاسـی ، پـەیڕەوی کـردن لەهـەموو هەڵوێستێکی سیاسی ولێکدانەوەیەکی نەزەری حیزبی ناوبراو لەلایەن کۆمۆنیستە عێراقیەکانەوە کاریکاتۆرێکی قێزەونی وێنائەکرد . ئەم میتۆدی تەقلیدکردنەی ( حکا ) لەلایـەن کۆمۆنیـستەکانی کوردسـتانی عـێراقەوە هـێزی دەسپێـشکەری وتەحلیل ولێکدانەوە وپشتبەخۆبەستن وبڕیاردان وئیبتکاری سیاسی لێسەندبوونەوە یا زۆر لاوازی کردبوو .

بۆ نموونە سەرجەم هێزە چەپەکانی کوردستانی عێراق ، بێ لێکدانەوەیەکی سەربەخۆ کە ئاکامی تێفکرینی ووردی خۆیان بێت ، خۆیان بوارد لە ئیدانەکردنی عێراق کە کوەیتی داگیرکرد وپێیان وابوو هەر جۆرە ئیدانەکردنێکی عێراق بەوهۆیـەوە پاکانەکردنە بۆ شەڕەنگێزی ئەمریکا ، کە واش نەبوو .

لەهەمووی سەیر تر ئەوەبوو کە بە دەرچوونی ووتاری ( دەوری ناسیونالیزم لە تراجیدی کورددا ) کە لەلایـەن ئیرەجـی ئازەرینەوە نووسرابوو و ووتارێکی 2 لاپەڕەیی بوو سەبارەت بە ڕاپەڕین وشەڕی ئەمریکا لەکەنـداو وئـاوارەیی خـەڵکی کوردستان ئیتر سەرجەم بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق کەوتە ناوگێژاوێکی گەورەوە وبەتەواوی بەوسەلەی خۆی لەدەستدا وئیتر دوای گەیشتنی ئەو ووتارە وپێش دەرچوونی بوون بە دوو قۆناغی تەواو جیاواز .

دیارە من لێرەدا بەنیاز نیم لایەنەکانی ئـەو ووتـارە یـا ئـەو باسـە بەگـشتی شـیبکەموەوە وتـەنیا ئـەوە ئەڵـێم کـە بزووتنەوەیەکی مەسئوول وپێداکووتاو لەناو دنیای ڕاستیەکانی سەردەمی خۆی وکۆمەڵگاکەیدا ناتوانێ بە بای ووتارێک ( هەر بایەخێکیشی هەبێ ) وا بە ئاسانی بهەژێت وقۆناغەکانی ژیان وچالاکی خۆی بەپێ ی ئەوە دیاری بکات .

## سەرەنجام ڕاپەڕین چی بەسەرهات ؟

جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆیە گیانیان خستە سەردەستیان وبەدەستی نیمچە خاڵی ڕژانە سەرشەقام وکۆڵانەکان بـۆ تەحەداکردنی ڕژێمی مەرگ وسێدارەی بەعس تا نەک ئاسەوارێکی ئەو ڕژێمە لەکوردستاندا نەهێڵنەوە بەڵکوو بۆ ئـەوەش کە لەجێ ی ئەو سیستمێکی سیاسی ئەوتۆ بنیات بنێن کە نەفی هەموو سیاسـەتەکانی ئـەو بکاتـەوە . دەرککـردنی ئـەو ڕاستیە بۆ هیچ کەس دژوار نیە . خەڵکی کوردستانی عێراق گەرچـی بـەهۆی کوردبوونیانـەوە بووبـوون بـە نیـشانەی سەرەنێزەی ڕژێمی ناسیونالیستی شۆفینی عەرەبی بەعس وئەیانەویست بەو هۆیەوە ئـەو مۆتەکەیـە لەسـەر ژیانیـان لابەرن بەڵام بەهەمان ئەندازەش بۆ خۆشگوزەرانی وژیانێکی تێر وتەسەلتر ، بۆ بەهرەمەندبوون لەسامانی وولاتەکـەیان ، بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی ویەکسانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا تـێئەکۆشان وراپـەڕین بـۆ ئـەوان کلیلـی گەیـشتن بـەو ئاواتانەشیان بوو . زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان ئاواتیـان بـە ژیانـێکی پـڕ کەرامەتـەوە ئـەبینی وبـەعس ڕەمـزی زەوتکردنی ئەو کەرامەتە ودەیان شێوازی چەوسانەوەی ئابووری وکۆمەڵایەتی تر بوو لە پاڵ زوڵمی نەتەوایەتیدا وبۆیـە نەفرەتیان لەو ڕژێمە ئەکردەوە . ژنانی کوردستان ، لاوان ، کرێکاران وهەموو جەماوەری دەستەنگی کوردستان چاوێکیان بڕیبووە لاچوونی مۆتەکەی ڕژێمێک کە ئەوانی بەهۆی کوردبوونیانەوە ئەچەوسانەوە وبەچاوەکەی تریـشیان بـۆ دنیـا ودوارۆژێکیان ئەڕوانی کە تیایدا بحەسێنەوە وخەمی کرێچێتی وهـەژاری ونـەداری وژیـانی مـەمرە ومـەژی و نەخۆشـی ودەیان دەردی سەری تر ژیانیان لێ تاڵ نەکات ولەلاشەوە بەشێکی تری هەمان گەل وخەڵک لەهەموو نیعمـەت ونازێـکی ژیان بەهرەمەند بـن . ئـەوە یاسـای هاوبەشـی هـەموو شـۆڕش وراپەرینـێکی جـەماوەری وپاڵـپێوەنەری جـەماوەری کوردستانیش بوو لە ڕاپەڕینی ئازاری **1991** دا .

ئەو ڕاپەڕینە بەو لایەن وناوەڕۆکەیەوە وبەو پاڵپێوەنەرانەی جەماوەر تیایدا ، لـەڕووی بابەتیـەوە ، لەگـەڵ سروشـت وبەرنامە وسیاسەت وپراتیکی هێزێکی جەماوەری چەپ وشۆڕشگێڕدا یەکانگیر ئەبوون .

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکرات وبەرەی کوردسـتانی شتـێکیان نـەکرد کەلەگـەڵ پێـشینە وسیاسـەت وبەرنامەیاندا ناتەبا بێت وگلەییەک لەوان نیە . ئەوان بەزەوت کردنی ئیرادەی خەڵک ودەسەڵاتی سیاسی لەجەماوەرێک کە هێشتا خۆشباوەڕی پێیان هەبوو ، درێژەیان بەمێژوویەکی دووروودرێژی لەوەوپێشی خۆیان دا وسیاسـەتی چـینایەتی خۆیان پراکتیزەکرد . بۆ ئێمەی چەپ وکۆمۆنیست پەندی سەرەکی ڕاپەڕین ئەوە نیە کـە ئـەوان بـۆ وایـان کـرد بـەڵکوو ئەوەیە کە خۆمان چۆن وچیمان کرد وچەند پەندمان لە دەرسەکانی قۆناغێکی چارەنووسسازی ئاڵوگۆڕەکانی کوردسـتان وژیان وهەڵسووڕانی سیاسی خۆشمان وەرگرتووە .